له دوای خۆم هیچ فیتنه وتاقیکردنەوەیەکم جێنەهێشتووە کە زیانبەخشتر بێت بۆ سەر پیاوان وەکو ئافرەتان

له ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له دوای خۆم هیچ فیتنه وتاقیکردنەوەیەکم جێنەهێشتووە کە زیانبەخشتر بێت بۆ سەر پیاوان وەکو ئافرەتان».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات لەپاش خۆی هیچ تاقیکردنەوەیەکی جێنەهێشتووە کە زیانی هەبێت بۆ سەر پیاوان وەکو ئافرەتان ؛ ئەگەر لە کەسە نزیکەکانی بێت وپابەندی ئیسلام نەبێت ئەوا پیاوەکەش وردەوردە شوێنی دەکەوێت لەپێچەوانەکردنی شەریعەت، وئەگەر بیانی بێت ئەوا بەتێکەڵبوون و بەتەنها بوون لەگەڵی تووشی فیتنه وخراپە دەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5830